پوختەی (P2024-01)

بەشی پەروەردە و فێرکاری شاروانی هێلسنکی (KASKO) لە بەهاری ساڵی ٢٠٢٤دا بەرەورووی پێشێلکارییەکی جددی زانیاری بوو. لە ئەنجامی پێشێلکردنی زانیارییەکاندا، بڕێکی زۆر لە زانیارییەانی فێرخواز و ستافەکە گەیشتە دەستی پێشێلکارەکە/هاکەرەکە. بێجگە لەوەش بەڵگەنامەکانی سەر دیسکی ئۆنلاین زانیاریی کەسانی دیکە و کۆمپانیا و لایەنی هاوکاری دیکەی تێدابوو کە مامەڵەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ شارەوانی هەبووە.

پێشێلکاریی زانیارییەکان لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ٢٠٢٤ دەستیپێکرد، دوای ئەوە هێرشبەرەکە دەستیکرد بە نەخشەکێشانی ئامانجە ناوخۆییەکانی تۆڕەکە و فراوانکردنی دەستڕاگەیشتنی بە سێرڤەرە جیاوازەکان. لە کۆتایی مانگی نیساندا، هێرشبەرەکە بە گشتی نزیکەی دوو تێرابایت زانیاری لە دیسکی ئۆنلاینی تۆڕەکە بە چوار جار کۆپی کرد. بڕی وردی زنیارییەکان یان ناوەڕۆکیان نەتوانرا دیاری بکرێت. لێکۆڵینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هێرشبەرەکە نزیکەی ٧٥٠ هەزار بەڵگەنامەی دەستکەوتووە کە هەندێکیان زانیاری کەسی هەستیاریان تێدایە.

پێشێلکردنی زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر توانی بەردەوام بێت بەهۆی کەم وکورتی چاودێری تۆڕی ڕێکخراوەکە و هیچ وەڵامێک بۆ ئاگادارکردنەوە دۆزراوەکان لە کاتی خۆیدا نەبوو. کاتێک زانیاری لەسەر پێشێلکارییەکە پشتڕاستکرایەوە، دەستبەجێ شارەوانی هێلسنکی دەستیکرد بە ڕێکاری کۆنترۆڵکردن و چاکسازی بۆ ڕاگرتنی هێرشەکە.

کۆپیکردنی بڕێکی زۆر لە زانیارییەکان بەهۆی دوو هۆکارەوە بوو: سیستەمی زانیاری لە ڕێگەی سێرڤەرێکی دەستگەیشتن لە دوورەوە (VPN) کە بە شێوەیەکی خراپ پارێزگاری لێکرابوو، هاک کرابوو، هەروەها بڕێکی زۆر زانیاری لەسەر دیسکی تۆڕەکە لە ماوەی چەند ساڵێکدا کەڵەکە بووە. گۆڕانکاری لە کارمەندان و ڕێکخستندا هۆکاری کوم و کورتی پارێزگاری و چاکسازی بوو، کە بۆتە هۆی ڕوون نەبوونەوەی بەرپرسیارێتیەکان. ئەو فایلانەی کە لەسەر درایوەکەی تۆڕەکە کۆبوونەتەوە بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی داتا و چاودێری نەکردنی پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی درایو. دۆسیە و فایلەکان لەسەر دیسکی تۆڕەکە کەڵەکە بوونەتەوە چونکە بەڕێوەبردنی زانیاری بەپێی پێویست نەبووە و پابەندبوون بەو ڕێنماییانەی کە بۆ بەکارهێنانی دیسکەکە دراون چاودێری نەکراوە.

چەندین یاسا و ڕێسای پەیوەندیدار بە بەڕێوەبردنی زانیارییەکانەوە هەیە، بەڵام زۆرجار هۆشیاریی لەبارەیانەوە لەنێوان لایەنە عەمەلییە کاراکاندا کەم و کورتی تێدایە. یاسادانان و ڕێنماییە نیشتمانییەکان تا ڕادەیەک ناڕوون و پەرش وبڵاوون. کەرتی شارەوانی بە تایبەتی کەوتۆتە ژێر ئەو پابەندبوونانەی کە لەلایەن چەند قەوارەیەکی جیاوازەوە سەپێنراون، ئەمەش وایکردووە بەڕێوەبردن بە گشتی قورس بێت.

لە ئەنجامی پێشێلکردنی زانیارییەکاندا، بڕێکی زۆری ئە ماتێریاڵانەی زانیاری کەسی لەخۆدەگرت، گەیشتە دەستی هێرشبەرەکە. دواتر دەتوانرێت زانیارییەکان بۆ مەبەستی زیانبەخش بەکاربهێنرێت، وەک دزینی ناسنامە و ساختەکاری. لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا هیچ نیشانەیەکی ئەمە بەدی نەکرا.

سەدان هەزار قوربانی پێشێلکردنی زانیاریەکان هەبوون. لێکۆڵینەوەکە دەریخست کە نەخشەکێشانی گشتگیر بۆ هەموو قوربانییەکان قورسە. پەیوەندیکردن لەگەڵ کارمەندانی شارەوانی سەرکەوتوو بوو، بەڵام پەیوەندی هەمەلایەنە لەگەڵ کارمەندانی پێشوو و فێرخوازانی ئێستا لەڕادەبەدەر قورس بوو بەعەمەلی و تەنانەت هەوڵیشی نەدرا.

لێکۆڵینەوەکە چوار ڕاسپاردە دەخاتە ڕوو. بەشێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی وەزارەتی دارایی دەکرێت کە بە هاوکاری وەزارەتی داد و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و ئەنجومەنی پەروەردەیی نیشتمانی و کۆمەڵەی دەسەڵاتە ناوخۆیی و هەرێمییەکان جێبەجێی دەکات.

١. وەزارەتی دارایی بە هاوکاری وەزارەتی داد کاردەکات بۆ زامنکردنی هەماهەنگی یاساکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی زانیاری لە کارگێڕی گشتی و بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتەکانی چاودێری و کۆنترۆڵکردنی.

٢. وەزارەتی دارایی بە هاوکاری وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بەدواداچوون دەکات لە چۆنێتی باشکردنی دۆزینەوەی لاوازییەکانی ئاسایشی زانیاری لە کارگێڕی گشتیدا لە سەرانسەری وڵاتدا و دڵنیابوون لەوەی کە لایەنە کارا گشتیەکان توانای پێویستیان هەیە بۆ دیاریکردن و ڕاستکردنەوەی لاوازییەکانی ئاسایشی زانیاری.

٣. وەزارەتی دارایی بە هاوکاری ئەنجومەنی پەروەردەیی نیشتمانی کاردەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە شارەوانییەکان و شارەکان هەڵدەستن بە پەرەپێدانی ڕێنمایی ڕوون و بەردەست بۆ پەیوەندیکردن سەبارەت بە ڕووداوەکانی پێشێلکردنی زانیارییەکان، کە یارمەتی قوربانییەکان دەدات خۆیان لە دەرئەنجامەکانی پێشێلکردنی زانیارییەکان بپارێزن و زانیارییە کەسییەکانیان بپارێزن.

٤. وەزارەتی دارایی بە هاوکاری کۆمەڵەی دەسەڵاتە ناوخۆیی و هەرێمییەکانی فینلاندا پاڵپشتی شارەوانییەکان دەکات لە دەستنیشانکردن و ڕاستکردنەوەی کەموکوڕییە گرنگەکانی ئاسایشی زانیاری و لە پەرەپێدانی بەڕێوەبردنی زانیاری و بەڕێوەبردنی مەترسی ئاسایشی زانیاری.